## کارداری ناوەندی پێشوازی: زانیاری سەبارەت بە بەسەربردنی ڕەمەزان لە ماوەی بارودۆخی ڤایرۆسی کۆرۆنادا

دەبێت تۆ لە بەسەربردنی ڕەمەزانیشدا بارودۆخی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پێشچاوو بگریت.

کرداری خوودی هەر مرۆڤێک کاریگەریی مەزنی لەسەر بڵاوبوونەوەی دووچاربوون هەیە. ئەرکی هەر کەسێکە بە بەرپرسیارێتییەوە هەڵبسووڕێت. دەبێت تۆ باشترین هەوڵی خۆت بەگەڕبخەیت، بۆ ئەوەی دووچاربوونەکان لە نێو ناوەندی پێشوازی و دەرەوەی ناوەندەکەدا بڵاونەبنەوە.

ڤایرۆسی کۆرۆنا لەپلەی یەکەمدا لە ڕێگەی دڵۆپەوە دووچار دەبێت، کاتێک کەسی نەخۆشکەوتوو دەکۆکێت یان دەپژمێت.

### ئەو ڕێکارانەی خوارەوە یارمەتیدەر دەبن لە بەرگرتن بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بەسەربردنی ڕەمەزاندا:

١. خۆت لابدە لە شوێنە گشتییەکان، لە کۆمەڵە خەڵک و گردبوونەوەکان.

٢. خۆت لابدە لە بۆنە تایبەتییەکان هەرچەندە لەڕووی ژمارەی بەشداربووانیشەوە بچووک بن وە هەروەها لە چاوپێکەوتنی کەسانی دیکەش کە کەسی نزیک نین. پەیوەندیکردن بە کەسانی دیکەوە کەم بکەرەوە.

٣. خۆت لابدە لە هاتووچۆی ناپێویست، لە گەشتکردن و سەردانیکردن بۆ لای کەسانی دیکە. ئەگەر لە دەرەوەی ناوەندی پێشوازیدا دەژیت، خۆت لابدە لە بانگهێشت کردنی خەڵکان بۆ ماڵی خۆت.

٤. پێڕەوی بکە لەشێوازی باشی پاکژیی دەست و کۆکین. بە وریاییەوە چەندین جار دەستەکانت بە ئاوو سابوون بشۆ. بەسەر سەرقۆڵدا بکۆکە.

٥. مەودای دووری لایەنیکەم هێندەی ٢ مەتر لەنێوان خۆت و کەسانی دیکەدا ڕابگرە. دەستگوشین و لەباوەشگرتن ئەنجام مەدە.

٦. ماسکی سەر ڕووخسار بەپێی پەسەندکراوەکان بەکاربهێنە.

٧. بەبوونی نیشانەوە هاتووچۆ لە نێو ناوەندی پێشوازیدا یان لەدەرەوەی ناوەندی یاخود ماڵەکەتدا مەکە.

٨. خێرا کارمەندانی ناوەندی پێشوازی ئاگادار بکەرەوە لە نیشانەکان و کەوتنە ژێر کاریگەری دووچاربوونەوە.

٩. پێڕەوی بکە لە ڕێنوێنییە دراوەکانی کارمەندانی ناوەندی پێشوازی و فەرمانگەکانی دیکە.

بەمەبەستی بەسەربردنی ڕەمەزان دەکرێت زانیاری بە دەست بهێندرێت بۆ نموونە لە ماڵپەڕی کۆمەڵی ئیسلامیی فینلاندی: rabita.fi.

کاری هاوبەشی باش و خۆڕاگری و ئارامی لەتێکڕای کاردارانی ناوەندی پێشوازی دەخوازرێت. بەپێی پێویست زانیاری زیاتر لە لایەن کارمەندانی ناوەندی پێشوازییەوە بەدەست دەهێنیت.